الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

---

# فدراسیۆن  له هەوڵدایه بۆ ئازاد كردنی
# پەنابەرانی كورد لەگرتووخانه دەست بەسەرەكاندا

لەسەرەتای هەوڵەكانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا بەگرتن  و زیندانی كردنی پەنابەرانی كوردی عیراقی و راپیچ كردنیان بۆ گرتووخانه دەست بەسەرەكان چەندین پەنابەر له گرتووخانەی  (كامفیلد هاوس،كۆڵن برۆك ،هاسلەر،دۆڤەر)  تا ئیستا راگیراون و بەشێكیان بەدوای فشاری و نارەزایەتیەكانی پەنابەران و كەمپینی فدراسیۆن ئازاد كراون ، وە هەندێكیان بەهەوڵ و كەفالەتی فدراسیۆن ئازاد كراوەن و بەشێك لەو پەنابەرانەی پارێزەریان نی یه  پارێزەریان بۆ گیرا وە و بەكەفیل ئازاد دەكرێن و چەند چاوپێكەوتن لەسەر بەرخوردی نا ئیسانی به پەنابەران لەگرتووخانه دەست بەسەرەكاندا كراوەو پەخش كراوەتەوە لەسایتی رێكخراوەی ئینسانی و پەنابەری یەكان .

ناوی ئەو پەنابەرانەی لەگرتووخانەی دەست بەسەری كۆڵن برۆك دان (عبدول رەحمان حەسەن محمد،محمد حەسەن،ووریا قادر،ئاری میرزا مراد،هیمن فەتاح..)و(پەنابەرانی گرتووخانەی هاسلەر لەلای پۆرتسمۆت(یاسین قادر،شیرزاد،بیستون عبدول،دلشاد مستەفا،محمدعەلی،حەسەن معروف،ئەیوب عمر،فەرهاد مستەفا) .

داواكارین لەپەنابەران  هەر زانیاری یەكی تر لەسەر پەنابەران لەگرتووخانەی تر هەیه به فەوری پەیوەندی بكەن بەهەڵسوراوانی فدراسیۆنەوە لەشارەكان و له لەندەن كه ناو ژمارە تەلەفونەكانیان له راگەیاندنەكانی فدراسیۆن راگەیەنراوە  تا پارێزەریان بۆ بگیرێ وئازاد بكرێن.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا**

**2005-9-15**

---

www.federasion.org